



# د. عەبدوڵڵا پەشێو

## وەزیرێکی ڕۆشنبیری پێی وتم
## یەك مەرحەبای حیزب بکەی هەزار هەنگاو لێت دێینە پێشەوە ، بەڵام من متمانەی خەڵك بە هەموو دونیا نادەم

دیداری ئەحمەد میرە - هێمن باقر
فۆتۆ : لوقمان شێروانی

**ناساندنی پەشێو نەکارێکە بە ئێمە دەکرێت و نە خوێنەرانی گۆڤارەکەش چاوەڕێی ناساندنی دەکەن هێندە بەسە کە بڵێین مەحاڵە مێژووی ئەدەبی کوردی بەبێ پەشێو بنوسرێتەوە ، ئەو ئێوارەیەی ئێمە ڕوومان کردە هەولێر پەشێو ڕوحێکی کراوە و دڵێکی فراوان بوو ، ڕێگەی داین پرسیاری هەموو شتێکی لێ بکەین ، هەر لە ئەدەبەوە بۆ سیاسەت و لە سیاسەتەوە بۆ زمان و ولە زمانەوە بۆ خۆشەویستی و لە خۆشەویستیشەوە بۆ نهێنیترین شتە تایبەتەکانی ژیانی خۆی .**




**لڤین: جیاواز لە پرسیارە تەقلیدیەکان کە لە ڕابردووەوە دێینەوە بۆ ئەمڕۆ ، ئێمە دەمانەوێت لە مڕۆوە بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە ، بۆیە یەکەم پرسیارمان سەبارەت بە دوا ژمارەی گۆڤاری< رۆڤار >ە، کە دەزگای سەردەم دەریکردووە و تایبەتە بە بەڕێزتان ، هەڵبەت لە پشت ئەم پرسیارەوە دوالیزمەی شێرکۆ و پەشێو، هەولێر و سلێمانی بوونی هەیە ، ڕاو سەرنجت لەسەر ئەو ژمارەیەی <رۆڤار> چی یە؟**

پەشێو: سەرەتایەکی باشە ، دانوستان لەگەڵ شاعیرێك بکرێت وەکو شاعیرێك، بەچاوپۆشین لەوەی چۆن بیردەکاتەوە و هەڵوێستی چییە سەبارەت بە دەسەڵات . بەڵام دەکرا ڕۆڤار زۆر دەوڵەمەندتر بێت، ئەگەر پێشتر ئەمەم بزانیایە و لە کاتی دەرچوونی ئاگاداربامایە ، دەمتوانی چەندین وتاری بەپێز کە لە سەر من نووسراون، دەنارد، ئەمە ڕۆڤاری زۆر دەوڵەمەندتر دەکرد. ئەو لاپەڕانەی ڕۆڤار کە بە فەرهەنگۆك و شتی تر ڕەش کراوبوونەوە ڕەنگە زۆر سەرنجڕاکێش نەبن، دەکرا بە شتی دیکە پڕبکرێنەوە. تەنها ئەو سەرنجەم هەیە، ئەگینا هەنگاوێکی باش و ڕچە شکێنە و مایەی خۆشحاڵییە . شێرکۆ شاعیرە، دەبوایە

هەر ئەوە بکا کە کردی .

**لڤین: ئەگەر پێشەکی ڕۆڤارت خوێندبێتەوە کاتێك لە خاوەنی ئیمتیازی ڕۆڤار‹ شێرکۆ بێکەس ›دەپرسن کێ لە شاعیرە زیندووەکان هەڵدەبژێریت بۆ ئەم ژمارەیە ، لە وەڵامدا دەڵێت : پەشێو، تۆ ئەمە بە قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان پەشێو و شێرکۆ نابینی؟**

پەشێو: ئەو شتە بەلای منەوە سەیر نییە، لەگەڵ کاك شێرکۆ هاوڕێ بووین، تەنانەت لە سەردەمێکدا . لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان ، وەکو بیرکردنەوەیش هاوبیر بوین.

**لڤین: بەدەر لەو مەسەلە سیاسییەی باسکرد، هەندێك لە ڕۆشنبیران، لەڕووی زمانەوە، شێرکۆ دەگەیەننە ئەو ئاستەی ، بڵێن سوڵتانی زمانی کوردییە. لە کاتێکدا زمانی شێرکۆ ئەوەندەی مۆرکی ناوچەی سلێمانی پێوەدیارە ، هێندە مۆرکی کوردستانی پێوە دیار نییە ؟ ئەگەر لەسەر زمانی شێرکۆ قسەیەکت هەبێت ؟**

پەشێو: من ناتوانم باسی ئەوە بکەم ، چونکە من نازانم زمانزانم یان نا، بەلام زمانناسم. واتە « فیلۆلۆگ »م . من ناتوانم بەسەر یەك دێڕدا بڕۆم بەبێ سەرنج. بڕوا ناکەم هیچ شاعیرێك، مەگەر هێمن، مەلا شوکور، حەسەنزادە، هەژار لە بن دەستم ڕزگاریان بێت. من لێرە باسی کاك شێرکۆ ناکەم ، بەگشتی باسی تێکست دەکەم. ئیشکردن لەسەر تێکست کاری شاعیرە. شاعیر تەنیا پشت بە بەهرە نابەستێت، وەك جاران بنووسێت و بلاویبکاتەوە. نەخێر، ئێستا نووسین کار کردنێکی دژوارە لە سەر دەق. من شتێك لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا، هەڵدەڕێژم ، بەلام لە ماوەی چەند سەعاتێکدا ، چەند ڕۆژێکدا، یا چەند ساڵێکد دایدەڕێژم.، ئیش دەکەم لەسەر تێکست، لەسەر حەرف، لەسەر دەق، لەسەر فاریزەو نوختەش .

**لڤین: پێت وایە تۆ ئەو ئیشەتکردووە ؟**

پەشێو: نازانم، بەلام من زۆر ئیشدەکەم لەسەر تێکست، شیعر هەیە چەند ساڵێك دێمەوە سەری ، هەر لەبەر نوختە و فاریزە و شتی وا. لە هەموو دونیا بۆ ڕەوان و ناڕەوانیی زمان نموونە بە شیعر دەهێننەوە. دەبێ شیعر نموونەی زمانی پەتی بێ. پەتی مەبەستم لە پەتی ئەوە نییە وشەی عەرەبی یا بێگانە بەکارنەهێنیت، بەلام ئەبێ داڕشتنەکە کوردی بێت. ئەمن جارێکی دیکە پێتدەڵێم ، ئەگەر لە تێکستێکدا، ببینم لەپاش فاریزە واوی عەتف دانراوە ، من گومان لە زانیارییە فیلۆلۆژییەکانی نوسەرەدەکەم. هەڵبەت ئەم وەلامانەی من لەسەر نووسینە بە گشتی و لەسەر کەسێکی دیاریکراو نییە .

**لڤین: ئەگەر هەڵەمان نەکردبێت لە ساڵی١٩٧٣ بە دواوە چوویتە هەندەران ، ٣٣ ساڵ تەمەنێکی کەم نییە ، پرسیارمان لێرە دا لەسەر غوربەتی تاراوگەیە ئێستا ئەو غوربەتەی لە شیعری کوردیدا هەیە ، ڕەخنەگری کوردی وای پێناسە دەکات کە بەردەوام غوربەتێکی ئاینی و عاتیفی بووە، غوربەتێك بووە بەرهەمهێنی مەعریفە نەبووە لە ڕۆشنبیری کوردییدا. ئەمە لە عەبدوڵا پەشێودا چۆن خۆی دەنوێنێ ؟**

پەشێو: ئاواتم ئەوەیە، ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕەخنەی کوردی خۆی ڕابپسکێنێ لە کۆت و بەندی حیزبحیزبانێ و بکەوێتە سەر شیکردنەوە، لێکدانەوە، تێکست خوێندنەوە، دانوستان لەگەڵ تێکستنووس. ئەمن پێموایە. لە شیعرەکانی مندا، شتی وا هەن کە شایانی تێڕامان و وردبوونەوە و لە سەروەستان بن. من زۆربەدەگمەن وشە بەو مانایە بەکاردێنم ، کە لە فەرهەنگەکانی زماندا هاتووە .وشە لای من فرە ڕەهەندە. ئەوانەی خەریکی ڕەخنەی جیددین هەر چەند بە پەنجەی یەك دەست دەژمێردرێن ، بەلام هەن .

**لڤین: سەبارەت بە ئاڵۆزنووسین لە شیعردا قسەبکەین، زمان لای ئەنوەر مەسیفی هێندە ئاڵۆز دەبێ ، کە وەکو خۆی دەڵێت : دەمەوێت خەڵکی وێڵ بکەم بەدوای دەقدا. لە ڕەخنەی کوردیشدا ئەو دەقە بە دەقێکی گرنگ دەزانرێت کە دەقێکی ئاڵۆزە و خوێنەرەکەی ماندوو دەکات. پرسیاری ئێمە ئەوەیە ، تۆ زۆرترین خوێنەرت هەیە و زۆرترین خەڵکیش لەدەقی تۆ دەگات ، چۆن توانیوتە ئەم حاڵەتە میتافۆری و فرە مەدلولەی وشەکانت لەگەڵ تێگەیشتنی خوێنەرانتدا پێکەوە ببەستێتەوە؟**

پەشێو: من هەمیشە دەیڵێم. ئەگەر بیرێك لای نووسەر یان بیرمەند ڕوون بێت بە ڕوونی دەریدەبڕێت و کەسی بەرامبەریش بە ڕوونی تێیدەگات. گرنگ ئەوەیە، خۆت لە هزرو بیری خۆت گەیشتبیت . ئەگەر کەرەستەی لەبارت پێ بێت بۆ دەربڕین، پێموایە، بەرامبەر تێیدەگات، زۆرجار کە قسەم لەگەڵ دەکرێت، دەیانەوێ منیش وەك ئەوانیتر بنووسم. شیعر چەند ڕەنگاوڕەنگ بێ ئەوەندە جوانترە. من لە شیعرێك وتوومە ئەو « عەبایەی لەبەری خۆشەویستەکەی خۆم کردەوە ، نایکەمە بەر شیعرەکانم » من بەڕوونی دەنوسم، چونکە پشت بە فیکرەی شیعری دەبەستم. بە شێوەیەکی سەرەکی شیعر جوانیی خۆی لە دوو سەرچاوە وەردەگرێ لە سیحری زمان، یان لە بیرۆکەی شیعری. من هەوڵدەدەم کە هەر دووکیانبخۆمەوە ئەوجا بنووسم، بیرۆکەی شیعری لەلام ڕوونە، ئینجا بەدوای کەرەستەی لەباردا دەگەڕێم کە کەرەستەم پەیدا کرد، ئەو کاتە هەوڵدەدەم بەڕوونی بیرۆکەکەم بەو کەرەستەیە دەربڕم . لەکاتی نوسینی شیعردا قەت بیر لە بەرامبەر و کەسی دووەم و جەماوەر ناکەمەوە ، تەنیا بیر

لە یەك شت دەكەمەوە ڕاستگۆ بم، ئەو شتەی ئازارمەدا دەریببڕم. ئەگەر لەگەڵ خۆمدا ڕاستگۆ بم، خەڵك هەست بە ڕاستگۆییم دەكەن و هەر یەكێكیان وا دەزانێ من شیعرەكەی خۆمم هەر بۆ ئەو نووسیوە .

**لڤین: ئەمە لە شیعری < كۆبوونەوە >ی تۆدا بە ڕوونی دەردەكەوێ ماوەی بڵاوبوونەوەی ئەو شیعرە لە مانگێك تێنا پەڕێ كەچی لە دەقێكی نالی زیاتر خوێنرایەوە ؟**

پەشێو: پێموایە ئەو شیعرە كاریگەریی و میوەیەی هەموو ڕۆژێ لە تەلەفزیۆنەكانەوە دەمدی لە بەردەمیان دادەنرا، پێم شتێكی باش بوو ئەگەر ئێسك و پرووسكی ئەنفالەكان یان عومەری خاوەر و كۆرپەكەیان لەبەردەم دانێن. واتە سەرەتا بیرۆكەكە هەبوو، ئینجا بەدوای كەرەستەو وێنەدا گەڕام، بۆ ئەوەی پێش هەركەسێك خۆم ئاسودە بكەم، دیارە ئەوەی منی ئازاردەدا، سەدان هەزار كەسی تریش ئازاردەدا، هەر بۆیەش، لە ماوەیەكی كورتدا، خەڵكەكە

**تۆ هەبوە؟**

پەشێو: ڕەنگە ئەو شتە هەبێ، بەڵام من هەستم پێنەكردووە. بە پێچەوانەوە، ڕەنگە باشترین كۆڕەكانم لە سلێمانی بن. لەوێش، وەك لە هەولێر، ئاسوودەم. لە كۆڕی ئەمجارەمدا لە سلێمانی، ماوەی ٢٠ خولەك زیاتر كارەبا كوژایەوە یەك كەس شوێنی خۆی جێنەهێشت، تەنانەت ئەوانەی بە پێوە وەستابون، لە دەرەوەی هۆڵەكەش بوون، لە جێی خۆیان نەبزووتن. چما من ئەمە لە بیر دەكەم؟

## ئەگەر ڕەخنەگرتن لە سەرۆك و سكرتێری حیزبەكان بە كوفر زانرابێت من ئەو كوفرەم كردووە ، شیعری جوتەپێڵاو و ماچم بۆ ئەوان وتووە



لەسەر دەسەڵاتیش هەبووە، لەمبارەیەوە قسە زۆرە، بەڵام ئەگەر باس لە شیعری كۆبوونەوە بكەم بۆ خۆم پێم شیعرێكی سادەیە، بەڵام ڕەوانە تا سەر ئێسقان. ئەگەر دەیان و سەدان كۆبونەوەی ئەو سیساركانە ئازارینەدابام نەمدەتوانی ئەو وێنە شیعرییە هەڵهێنجم، بیرۆكەكە یەكەم جار هەبووە، لە باتی ئەو چەرەس كردیان بە هی خۆیان. من شتێكی تازەم نەگوت. هەر ئەوەم گوت كە لە دڵی ملیۆنان كەسدا هەبوو .

**لڤین: با باس لە ستەمی ژینگە بكەین، هەمیشە ژینگە ستەمی خۆی هەبووە لەسەر نوسەران، ئەوەتا مەولانای نەقشبەندی لە سلێمانیدا جێگای نابێتەوەو شار بەدەر دەكرێت ستەمی ژینگە تا چەندێك لەسەر**

**لڤین: ئەی بە نیسبەت نوخبەی شاعیران و ڕۆشنبیرانەوە ئەم جیاوازییە تا چەند هەستی پێكراوە ؟**

پەشێو: ڕەنگە شتێكی لەم شێوەیە هەبێت. سلێمانی هەمیشە سەنتەری ڕۆشنبیری بووە. ئەوە حەقیقەتێكی مێژوییە و ناتوانین نكوڵی لێبكەین، تا شەستەكانیش بزاڤی كوردینووسین لە هەولێر لاوازبوو. بەشێك لە خەڵكەكە بە

تورکمانی قسەیاندەکرد، هەبوو بە عەرەبی دەینوسی ئەوانەی دیش بە عەرەبی بیریاندەکردەوە، ئێمە چەند گەنجێك بووین کە دەستمان بە شیعر نووسین کرد. بەڵێ پێش ئێمەش کاك مەدحەت بێخەو، جاهید و پیرباڵ مەحمود و هیدی هەبوون. نووسەری گەورەی وەك محەمەدمەولوود مەم هەبوو. خۆ ئەگەر مامۆستایان دڵزار و ئارەزا بە هەولێری دانێین ، چەند کەسێکی دیکە هەبوون، بەڵام ئێمە، شیعرمان کردە مەسەلەیەك، دیاردەیەکی رۆشنبیری . هەولێر لە سەرەتای حەفتاکانەوە بە گوڕ هاتە سەر نەخشەی هونەر و شیعر. وەکو میوانێکی زۆر تازە نا، بەڵام تازەیی پێوە دیاربوو. دیارە هەتا میوان قبوڵدەکرێت کاتێکی دەوێ ، ئەمە لە خراپی نییە. میوان تا جێی خۆی دەکاتەوە کاتێکی دەوێ. لە رووسیا ،تا مۆسکۆ جێی خۆی لە تەنیشت پیترسبۆرگ کردەوە کاتێکی زۆری ویست. ئەمە مانای ئەوە نییە پیترسبورگ خراپە.

**لڤین: ئەوەندەی بزانیت لە پارچەکانی دیکەی کوردستان تا چەند پەشێو دەخوێنرێتەوە؟**

پەشێو: پەیوەندییەکی گەرموگوڕم لەگەڵ کوردستانی رۆژهەڵات هەیە. ژمارەی خوێنەرانم لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە هی هەموو شوێنێك زیاترە. لە رۆژئاوا و باکووری کوردستانیش خوێنەرم هەن . ئەو دیوانەی لە ئەستەنبوڵ بە کرمانجی و پیتی لاتینی چاپ کرا لە ٢٠٠ دانە هیچی نەما یەوە . ئەمساڵ لە دیاربەکر دیوانێکم هەر بە سۆرانی « پیتی لاتینی » چاپ کرا .

**لڤین: باسی رۆژهەڵاتت کرد، چی دەڵێیت لەسەر چاپکردنەوەی بەرهەمەکانت لە رۆژهەڵاتی کوردستان؟**

پەشێو: لێرەدا راستییەك هەیە حەزدەکەم روونیکەمەوە، وەك گوتم، هەر لە سەرەتاوە من قوتابییەکی حاجی قادر و ئەحمەدی خانیم و سەر بە بیری سەربەخۆخوازییم، بۆیە لە ویژدانی مندا کوردستان یەك بەشە، یەك پارچەیە، یەك وڵاتە. لە زەینی مندا دیاربەکر تورکیا نییە، سلێمانی عێراق نییە، سنە ئێران نییە، قامیشلی سوریا نییە، ئەوانە هەموو شاری کوردستانیین و منیش خۆم بە شاعیرێکی ئەو وڵاتە دادەنێم. بۆیە لام سەیرە پرسیاری ئەوەم لێبکرێت لە سلێمانی چۆن قبوڵ دەکرێم؟ خۆم بە خەڵکی سلێمانی و سنە و دیاربەکر و قامیشلی دادەنێم، من هاوڵاتییەکی کوردستانم و نیشتمانەکەم یەك نیشتمانە .

سەبارەت بە چاپکردنەوەی بەرهەمەکانم لە ئێران، وەکو پێشتر باسمکرد، زۆربەی خوێنەرانم خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانن. لەوێ ماوەیەك بە نیازی بازرگانی دیوانەکانم چاپدەکران، بەڵام لە هەندێکیان توورەنییم. چونکە دەزانم هەندێك لەو کۆپیکردنانە رۆڵێکیان بینی لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام پاش ماوەیەك، لە نیازە بازرگانییەکە تێپەڕیکرد و پەڕییەوە بۆ شتیدی بۆ لایەنی سیاسی. هەستدەکەم لە ساڵانی دواییدا بە دەستی ئەنقەست شیعرەکانم دەشێوێنرێن، دەسکاریدەکرێن، من پێموایە لەوێ دەوڵەت هەستی بەوە کردووە کە شیعر زۆر دەخوێنرێتەوە، مادام دەخوێنرێتەوە بابە شێوەیەکی شێواو هەڵە و دەسکاریکراو بکەوێتە دەستی خەڵك. ئیتر هەستان پشتیان بەست بەچەند جاسوسێك و پیاوێکی دەوڵەت، کە خۆم ناوەکانیان دەزانم، خەریکی تێکدانی بەرهەمەکانمن. چەند ساڵە داوا لە دەسەڵاتی هەولێر و سلێمانی دەکەم ئەو دیوانانە کۆ بکەنەوە « ئەگەر یەك تۆز خەمی رۆشنبیری کوردییان هەیە » بۆ ئەوەی چیتر زمانی کوردی و رۆشنبیریی کوردی هەتکنەکرێت. من ناڵێم، من رەمزی رۆشنبیریی و زمانی کوردییم ، بەڵام هەر شتێك بە زمانێکی سەقەت بخرێتە بەردەستی خەڵك، جا بەرهەمەکە هی هەرکەسێك بێ ، کارێکی ترسناکە. « ئەو دیوانەی بە ناوی دیوانی منەوە چاپدەکرێ ژەهرە، ژەهری پەتی » یەك رستەی رەوانی کوردی تێدا نییە، یەك دێڕی تێدا نییە بەگوێرەی رێنووسی کوردی نوسرابێ، ئەو ژەهرە چیتر نابێ بدرێتە خەڵکی کوردستان. کۆی بکەنەوە هەتا زووە. هەر لە داخی ئەو ژەهرە دیوانە تەندروستیم لە ساڵانی دواییدا دارما. دەیانەوێ بە زیندوویی بمکوژن. ئەوانەی ئەو کارەیان کردووە تاوانبارن. پێویستە تفباران بکرێن. دەبێ ئەوانەش تفباران بکرێن کە لە هەولێر و سلێمانی ئەو دیوانانە بڵاودەکەنەوە .

**لڤین: ئەی رات چییە لەسەر هونەرمەند مریەمی ئیبراهیمپور کە یەکێك لە شیعرەکانی تۆی کردۆتە گۆرانی؟**

پەشێو: پێمخۆشە، یەکێکە لە دەنگ خۆشەکانی کوردستان. بەڵام بۆ بەدبەختی، ئەو نازانێت ، کە من ئەگەر بە تەواویش نەبێت تاڕادەیەك قەدەغەم. بە سای منەوە گۆرانییەکانی ئەویش لە تەلەفزیۆنەکان لێنادرێن.

**لڤین: ببوورە دکتۆر، لەم زەمەنی ئازادییەدا تۆ بۆ هەستدەکەیت پیاوێکی قەدەغە بیت؟**

پەشێو: خۆ من لە خۆمەوە قسە ناکەم. من هەر لەم چەند ساڵەی دواییدا نزیکەی ٩٠ کۆڕم ، لە کوردستان و دەرەوە سازکردووە، هەر یەکێك لەو کۆڕانە خۆپیشاندانێکی گەورە بووە، یانی ئەوەی لە هەولێر کرا ، گاڵتە بوو!، ئەوە کۆڕ نەبوو خۆپیشاندانێکی جەماوەری بوو. ناکرێ تەلەفزیۆنەکان لەمە بێئاگا بن، تا هیچ نەبێ، دوو وشە، لە دەنگوباسی شاردا باسبکەن .

لە هەموو ئەو كۆڕانەی دەرەوە ئێوە جارێك تەلەفزیۆنێكتان بینی یەكێكیان پەخشبكا ؟ بەلاَم من شكایەت لەحالَی خۆم ناكەم ، چونكە ئەو حالَەتە خۆم هەلَ بژاردووە. ئیختیاری خۆمە. جارێك وەزیرێكی ڕۆشنبیری پێی وتم « یەك مەرحەبای حیزب بكە هەزار هەنگاو لێت دێینە پێش » خۆمنیش دەزانم هەولێری وتەنی « كێندەرێ نیسكان دێنێ » ، بەلاَم من متمانەی خەلَك بە هەموو دونیا نادەم. ئەوەندەی تەمەنم ماوە دەستم هەر لە سەر دلَم دەبێ ئەو متمانەیە لەدەستنەدەم. چونكە ئەو متمانەیە بەزەحمەتێكی زۆر زۆر بەدەستمهێناوە. لەماوەی ٤٠ سالَ كوێرەوەری و قوربەسەری و ئاوارەیی . نامەوێت لەدەست خۆمی بدەم، دەستم پێوەگرتووە.

**لڤین: ئەوانەی كە لە ئەوروپا دەگەڕێنەوە ئەگەر شاعیر بن شاعیرەكانی ئێرە بەغیلیان پێدەبەن، ئەگەر هونەرمەند بن، هونەرمەندەكانی ئێرە بەغیلیان پێدەبەن بەوەی كە دەسەلاَت زۆر لە خزمەتیاندایە، حەز دەكەم باسی ئەوە بكەی چۆن پێشوازی لە تۆ كرا؟**

پەشێو: دەسەلاَت گەورەترین دوژمنی بەهرەیە. دەسەلاَت بەهرە دەكوژێ، قەلَەم دەشكێنی. جا نازانم ، نووسەر و هونەرمەندانی كوردستان ، بۆچی بەخیلی بە كەسانێك دەبەن كە بەهرەیان دەكوژرێ، یا قەلَەمیان دەشكێ. بەشبەحالَی خۆم ، نان و ئاوێكی، پارچە بەڕەی مالَە هەژاێكی كوردستان بە هەزار ئوتێلی پێنج ئەستێرە و خۆراكی شاهانە ناگۆڕمەوە. سالَ نیوێك پێش ئێستا، كە لە نێوان ژیان و مردندا بووم، سەركردەیەك بە تەلەفۆن خەمگینیی خۆی نیشاندا و ئامادەیی نیشاندا هەر داخوازییەكم هەبێ بۆم جێبەجێكا. من هەموو جۆرە یارمەتییەكم رەتكردەوە .كەچی كە بەزیندوویی هاتمەوە، نەك وەك مەیتێك، بەخێرهاتنەوەشی نەكردم ! ئەوانەی تەنیا پێشوازی لە مەیتان دەكەن، چ هی زیندوو، چ هی مردوو!! منیش دەتوانم بچم لە باشترین ئوتێل دابنیشم ، لەسەر ورگی خەلَكی بلەوەڕێم ، بەلاَم نایكەم.

**لڤین: بەرپرسەكانی بواری ڕۆشنبیری لە كوردستاندا چۆن هەلَدەسەنگێنیت؟**

پەشێو: زۆر بەیان فەرمانبەری حیزبیین، غەیری تێكدانی ڕۆشنبیری كوردی هیچیتر ناكەن . خەریكی سازكردنی **فونبادانن** بەناوی فیستیڤالَی ڕۆشنبیرییەوە، كە بە سەدان هەزار دۆلاری تێدا خەرجدەكەن، لە پارەی ئەو میللەتە، كە هێشتا فەرهەنگێكی زمانی نییە. راستە ئێمە چەند فەرهەنگێكمان هەن، كە بە هەولَوتەقەلای چەند كەسێكی قوربانیدەر نووسراون، بەلاَم ئێستا زەمانی ئەوە تێپەڕیوە كەسێك بچێتە ئەشكەوتێك و فەرهەنگ دابنێت. ئەمە كاری دەولَەتە، دەبێت دەولَەت بودجەی بۆ دابنێت. فەرهەنگی زمان، پرۆژەیەكی درێژخایەنە و كاری تاكەكەسێك نییە. هەر پیتێك لە پیتەكانی فەرهەنگ چەند كەسێكی دەوێ بۆی دانیشن. ئەوان دەبێ هەلَگری دیالێكتی هەموو دەڤەرەكان بن و هەموو زاراوەكان بزانن.

**لڤین: ئەی ڕۆلَی كۆڕی زانیاری كورد و مەلَبەندی كوردۆلۆژی لەئێستادا چۆن هەلَدەسەنگێنیت بە تایبەتی كە ئێستا لە عێراقدا ١٤ بەشی كوردی هەیە لە زانكۆكاندا؟**

پەشێو: خەلَكێك لە مەسەلەی ڕۆشنبیری و زمان دەگا، كە پەیوەندییەكی بەو ڕۆشنبیرییەوە هەبێت . زمان و ڕۆشنبیری كوردی لەم بەشەی كوردستان لە مەترسیدایە بە تایبەتی زمانی كوردی. تۆ ڕێنووسی كوردی هەست پێ دەكەیت لە كوردستان؟، ڕێنوسمان نییە هەتا ئێستا، هەر لە تابلۆی سەر بارەگای حیزبەكانەوە دەست پێ بكە! بزانە تابلۆیەكی راست دەبینی؟ تێكدانێكی رێكوپێكی سستماتیكی هەیە سەبارەت بە زمان و ڕۆشنبیری . چۆنایەتی لەناو دەچێت لەسەر حسابی چەندایەتی. هەزار ڕۆژنامە و گۆڤار دەردەچێت بەلاَم چەند كەس دەیخوێنێتەوە ؟ ڕۆژنامەكانی فینلەندا لە ژمارەی پەنجەكانی دەست تێناپەڕن، بەلاَم ڕۆژنامەی « هێلسنكی سەنەمات » یەك ملیۆن و نیو ئیشتراكی ڕۆژانەی هەیە. لێرە ڕۆژنامەی وا هەیە ؟ خوێندنەوەی ڕۆژنامە بووە بە كلتوورێك خەلَكی لەگەلَ چای بەیانی ڕۆژنامەیەكیشی لەبەردەم بێت بیخوێنێتەوە. ئەو ڕۆژنامانەی لێرە دەردەچن سەدان هەزار دۆلاریان تێدا سەرف دەكرێت بەلاَم دوو هەزار خوێنەیان نییە.

**لڤین: تۆ لە شیعرەكانتدا زۆر باسی ئالاَ دەكەیت بە جۆرێك قوربانی بە زۆر شت ئەدەیت لە پێناوی ئالاَدا تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی لە شیعرێكدا هەموو مێژوو كلتووری كورد بە ئاتەشگەدەكانی مادەوە بخەیتە مەزادەوە لە پێناوی پارچە پەڕۆیەكدا كە ئالاَیە؟، ئەمڕۆ ئێمە لە كوردستاندا بەو خەونە گەیشتین و ئالاَمان هەلَكرد، بەلاَم لەژێر ئەم ئالاَیەدا هێشتا ئازادیی ڕا دەربڕین و ڕەخنەگرتن وەكو پێویست نییە و چەوساندنەوەش بەردەوامە. هەستناكەی ئالاَ بە تەنها لە ئاستی خەونەكانی ئێمەدا نییە؟**

پەشێو: یەكەم شیعرم لەسەر ئالاَ لە كۆیە خوێندەوە لەسالَی ٧٠ یان ٧١

دۆستەكانم باش بزانن
دوژمنانم باش بزانن
چەند باوەڕم بە زەردەشت و بە ئاڤێستا
و بە خوا هەیە
هەزار هێندەش باوەڕم بە هەلَكردنی ئالاَ
هەیە.

نەتەوە چەمكێكی مێژووكردە. بەلاَم لە

هەمان کاتدا، چەند فاکتەرێك هەن پرۆسەی دروستبوونی نەتەوە خێراتر دەکەن و چەند فاکتەرێکیش هەن ئەو پرۆسەیە خاودەکەنەوە. یەك لەو فاکتەرانەی کە پرۆسەی دروستبوونی نەتەوە خێراتر دەکەن ڕەمزە. یەکێك لەو ڕەمزە گرنگانەش ئالآیە. گەلێك لە زاخۆوە هەتا قەلآدزێ ڕەمزێکی هەبێت ، با پارچە پەڕۆیەکیش بێت و هەست بە هاوچارەنووسی بکات . لە ساڵی ١٩٩٢ دا منداڵەکانیشیان وێنەی ئالآ لەسەر ڕوومەت و نێوچاویان دەدەن، ئێمە پەڕۆی حیزب هەڵدەکەین. تەنکییەك ئاو دەبەین بۆ کەرکووك پەڕۆ پیسەکەی حیزب بەسەریەوە دەشەکێتەوە. دەبێ سوپاسیانبکەین، جاران هەر یەکێك لە ئێمە سەر بە عەشرەتێك بوو، عەشیرەت خێوەتێك بوو لە بنیدا هەستمان بە ئاسودەیی ئەکرد هەستمانبەوەدەکرد، براگەورەیەك هەیە دەمانپارێزێت. سەر «بێگانە» سزادەدا. نە ڕەعییەتیش لە فەرمانی برا گەورەیعەشیرەت دەدەچێ. هەر لەبەرئەمەشە، لای ئێمە، سەرۆکی حیزب ئەبێ بە ئەڵقەی یەکەمی دەسەلآت، ئەم ئەڵقەیەش کەس ناتوانێت دەستی ڕەخنەی بۆ درێژبکات. کفرە . لە هەندێ شوێن ، کە دیموکراسی بەرەو پێشدەچێت، پەنجەی ڕەخنە دەگاتە ئەڵقەی دووەمی دەسەلآت ،بەلآم لە ئەڵقەی یەکەم نزیك ناکەویتەوە.



**چونکە وەك مەیتێك نەهاتمەوە ، تەنانەت بەخێرهاتنەوەشیان نەکردم ، ئەمانە تەنها بەخێرهاتنەوە لە مەیتان دەکەن، چ هی زیندوو،چ هی مردوو !!**

کە هاتمەوە بایەخی زۆرم بە ئالآ دەدا و لە هەموو شوێنێك باسمکرد. لە چەمچەماڵ کۆمەڵێك کەچە پەڕۆم لە بەردەم دانرابوو ، شەقێکم تێهەڵدان و ئالآی کوردستانم لە جێیاندانا. ئەوە ڕەمزی هەموومانە و هەموومان کۆ دەکاتەوە و وامان لێدەکات هەستبەوە بکەین سەر بە یەك کلتوورو جوگرافیاو خاکین. ئەو پەڕۆیانەی حیزب جیامانددەکەنەوە، لە ولآتانی ئەوروپا و ولآتانی تریش دەبینی هەتا لەبەرئەوە چووینە ناو حیزب بە ئەقلّیەتی چوونەژێر دەواری خێڵ. حیزب جێی عەشیرەتی گرتەوە، لەبەرئەوە زۆر جار دەڵێم حیزب-عەشیرەتەکانی کوردستان، چونکە ، کە تۆ دەبیت بە ئەندام لە حیزبێکدا، بە ئەقلّیەتی بە ئەندامبوون لە عەشیرەتێك دەچیتە ئەو حیزبەوە . پەیوەندیی حیزب و سەرکردەی حیزبیش کت و مت پەیوندیی نێوان سەرخێل و ڕەعییەتە. نە سەرخێڵ پیاوێکی خۆی لە بڤەیە .

**لڤین: ئەگەر نزیك کەوتنەوە لە ئەڵقەی یەکەم کفر بێت، ئایا عەبدولآ پەشێوی تائیستا ئەو کوفرەی کردووە؟**

پەشێو: چۆن نەمکردووە. من هەموو ژیانم قسەم بە سکرتێر و سەرکردەکان گووتوە . من شیعری جووتە پێلآوم گووتوە. شیعری «ماچ»م گووتووە. ئەوانەی بەرەی کوردوستانی چوون سەدامیان ماچ کرد. بەلآم هەروا جنێودان بە سەرکردەکان ڕاست نییە.

من قەت لەبەر هۆی شەخسی قسەم بە سەرکردەکان نەگووتوە. تەنانەت ڕەنگە، وەکو لایەنی شەخسی هەندێکیان زۆر نازیان ڕاگرتبم. جار هەبووە ڕووبەڕوو ڕەخنەی توندم گرتووە، لێمیان قەبوولکردووە. من وەك مرۆڤ کێشەم لەگەڵیان نییە. بەڵام دژی ئەو گوناهەم کە لەسایەی ئەوان دەکرێت بەرامبەر بەو میللەتە .دژیانم، کە دەیان ساڵە، لە شەڕی براکوژییدا، دەیان هەزار ڕۆڵەی کوردیان بە کوشتدا. دژیانم کە تا دێ پارچە پارچەمان دەکەن. ئاکارمان تێکدەدەن ... خێر و بیری وڵاتەکەمان بە فێڕۆدەدەن، هیچ پرۆژەیەکیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت نییە .

**لڤین: گەر ئەمە حاڵی کوردستان بێت لەژێر سایەی حیزبدا، بۆچی هەموو شتێك بە قوربانی ئالاّ بکەین؟**

پەشێو: ڕەنگە ئەو قسەیە ڕاستییەکی تێدابێت. بەڵێ. بۆ ئازادی، بەڵام ئازادی بۆ کێ؟ هێشتاکە من پێموا نییە کوردستان ولاّتێکی ئازادبێت. هێشتا هەڕەشەمان لێدەکرێت. هەڕەشەکەش لە لایەن خۆمانەوەیە. خۆمان سەربەخۆیی نادەین بە خۆمان. ئەوە نییە هەرێمێکمان دابەشکردووە بۆ چەند هەرێمێك؟ ئێمە خۆمان ئامادە نەکردووە بۆ پێشهاتەکان. من زۆر جار دەڵێم ئێمە نەك هەر گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتین. بەڵکو گەورەترین نەتەوەی بێبیرۆژەی دەوڵەتین، ئەگەر عەقڵیەتی پرۆژەی دەوڵەتت نەبێت، ناتوانیت یەکبگریتەوە. ئەگینا ئەڵمانیای ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا کە دوو سیستەم و دوو ئایدۆلۆژیا و سەر بە دوو جەمسەری جیابوون تەنانەت دوو جۆرە دراویان هەبوو، دوو جۆرە سیستەمی ئابووری جیاوازیان هەبووە لەگەڵ ئەوەشدا بە بڕیارێکی سیاسی توانییان لە ماوەی چەند سەعاتێکد دیواری بەرلین بڕوخێنن و ببنەوەیەك. ئەگەر قسەیەکی مامۆستا مەسعود موحەمەد بەکاربهێنم ئەوەدەڵێم ئابووری هەولێر و سلێمانی هێندەی شەقامێکی بەرلین نابێت، لەسەر چی یەکناگرنەوە؟ بەلاّم ئەوان بە عەقڵیەتی دوو کۆمپانیا کار دەکەن.

**لڤین: سەبارەت بەو ڕایەی پێیوایە، مانەوەمان لە چوارچێوەی عێراقدا لە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری ئێمەیە لەم قۆناغەدا ، چی دەڵێیت؟**

عەبدوڵاّ پەشێو: من زۆر دژی ئەوەم . ئێستا سەرمایەی سەرانی حیزبەکان گەیشتۆتە ڕادەیەك کە ئەو چەند شارەی کوردستان بۆ سەرمایەی ئەوان بچوك بێ. ئەوان چاویان لە بازاڕی ناوەڕاست و باشووری عێراقە. ئاگایان لە چارەنووسی ئەم نەتەوەیە نییە، ئەمن پێموایە نەتەوەی کورد قەت نابێتە خاوەنی کەرامەتی خۆی هەتا کیانی سەربەخۆی نەبێت. بەلاّم، لە دوای کیانی سەربەخۆ، ڕەنگە بتوانین لەگەڵ میللەتانی دەوروبەر لە چوارچێوەی کۆنفیدراڵی یان فیدراڵی یان هەر شێوەیەکی تر چوار چێوەیەك پێکبێنین، بەلاّم لەسەر بنەمای مافی چارەنووس. کە یەکگرتن لە ئەوروپا دەبێت، لەسەر بنەمای سەردەستی هیچ کلتورێك نییە. ئەڵمانیا بەو هەموو زەبەلاحییە ناتوانێت یەك وشەی فنلەندی بسڕێتەوە. ئیستۆنیا با بچووکیش بێ، منداڵ هەر لە باخچەی ساوایانەوە هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرێت بە ئیستۆنی دەخوێنێت. هیچ کلتوور و زمانێك سەردەست نییە جگە لە ئیستۆنی. ئەگەر میللەتانی ئێرە حاڵەتی کلتوورییان ڕێگەی ئەوە بدات پێمناخۆش نییە، بەلاّم وا تێدەگەم لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست ئەو کلتوورە نییە کە لە سایەیدا فیدراڵیەتێکی ڕاستەقینە دابمەزرێنین. کولتووری یەکتر قەبوولکردن نییە و وا زووش نابێ .

**لڤین: تۆ لەسەر مەسەلەی زمان زۆر حەساسی ، ئێستا، کە لە دەستوری عێراقدا زمانی کوردی بە ڕەسمی ناسراوە، هەستناکەیت دەکەوینە بەردەم کێشەی دوو لەهجە؟ بە تایبەتی ئێستا کە لیژنەیەك دروست بووە بۆ پێداچوونەوەی زمانی کوردی ، دەبێت ئەو لیژنەیە چۆن کار بکات؟**

پەشێو: ئێستا زمانی کوردی وەکو زمانێکی یەکگرتوو کە لە پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکان وەکوو بیلبیلەی چاو دەپارێزرا ئەوە نەماوە، تەنانەت ئەو وشانەی کە نزیکەی ٥٠-٦٠ ساڵە ئێمە پێیڕاهاتووین دەیگۆڕن. نووسینی لاتینی خەتەری هەرە گەورەیە. ئەو ژەهرە پیتی تورکییە و پێیدەڵێن لاتینی. هەندێ لە کەمالیستەکانی ئەوروپا، دێنەوە ، لێرە برەوی پێدەدەن . یەکێك لەو قۆڵبڕو ساختەچیانە « کەندال نەزان »ە کە بیست ساڵ زێترە پارە لە یەکێتی ئەوروپا وەردەگرێت بەناوی ئینستیوتی کوردی و نەیهێشتوە یەك خوێندەواری کورد توخنی ئەو دەزگایە بکەوێت، ئێستا دێت پارە لە دەسەلاّتی ئێرە وەردەگرێت بە ناوی بلاّوکردنەوەی لاتینی، فێرە کوردیمان دەکات!

**لڤین: باشە ئێستا چۆن زمانی کوردی بەرینە ناو دام و دەزگا ڕەسمییەکانەوە؟**

پەشێو: ئێمە خوێندەوارمان دەوێت. ئەوانەی لەناو دەسەلاّتی کوردەواریدان تا چ ڕادەیەك خوێندەوارن ؟ هەندێکیان هەر نەخوێندەوارن. من لە ڕۆژنامەی میدیا باسم کرد، بەشێك لە سەرکردەکانی کورد کوردی نازانن، دەبێت کۆرسێکی زمانی کوردییان بۆ بکرێتەوە. من بۆ ئیهانە وا ناڵێم، چونکە ئەگەر فێرە کوردی نەبن خەڵکەکە فێرە عەرەبی و تورکی دەکەن. ئەوان چواردە ساڵە بیر لە چەند یاسایەکی تایبەت ناکەنەوە بۆ پاراستنی زمانی کوردی. ولاّت نییە یاسای زمانی تێدا نەبێ. تۆ برۆ ئێستا لە ڕوسیا یەك تابلۆ بنووسە

بە غەیری زمانی ڕوسی یەکسەر سزاتدەدەن، بەڵام ئێمە کەرامەتی نەتەوەییمان نییە. ئەو سەرکردانە دەیانەوێت ڕزگاریان بێت لە کوردی چونکە نایزانن. بۆ حەبیب کەریم دەیان ساڵ سکرتێری حیزبی شیوعی نەبوو بە عەرەبی قسەیدەکرد؟ ئەگەر تۆزێک ڕێزی ئەو میللەتەی بگرتایە لەناو ئەو پێشمەرگە ڕەشوڕووتانە فێرە زمان دەبوو . بە ٥ مانگ خەڵک لە ئەوروپا بایی ئەوەندە فێرە زمان دەبێت کاری خۆی جێبەجێبکا. کەسێک نابێت پێبنێتە ناو زانکۆکانی کوردستان ئەگەر کوردی نەزانێت. ئەمە لە هەموو دونیا وایە. من شۆڤێنی نیم، ئەمە شتێکی سروشتییە، من ویستوومە لە فینلەندا لە زانکۆ کار بکەم، زمانی کوردی بڵێمەوە، بەڵام ئەگەر فینلەندیت پێرفێکت نەبێت ئەوە هەقەت نییە. لە کەنەدا پۆلیسی زمان هەیە. لە ئیستۆنیا تەنانەت شارە ڕووسنیشنەکان هەمووی بە ئیستۆنی نوسراوە چونکە خاکی ئیستۆنیایە، بە چ هەقێک لە شەقلاوە تابلۆ بە عەرەبی دەنوسرێت؟ یان ئەگەر ئێمە کۆڕێکی زانیاریمان هەبوایە ، ئەگەر مەرجەعیەتێکی زمان هەبوایە خەڵکێکی نەخوێندەوار ناتوانن ئەو تابلۆیانە بە شێوەیەکی ناڕاست بنووسن. ڕۆژنامەیەک نابینیت مانشێتەکەی ڕاست بێت لاپەڕەیەکت لە کتێبی منداڵانی قوتابخانە دەست ناکەوێ چەندان هەڵەی تێدا نەبێ .

**لڤین: ئەم حاڵەتی سەربەخۆخوازییەی تۆو ئەم خەمی نەتەوەخواردنە، ئەو هەستەی لەلا دروستنەکردویت بێیتەوە کوردستان بەیەکجاری؟**

پەشێو: دوو شت پێویستە بۆ مرۆڤ ، یەکەم پارچە نانێک بیخوات، دووەم شوێنێک تیایدا بژی و تۆزە ئازادییەکیش، لێرە دەبم هەتا ئەو ڕادەیەی کە فشارم بۆ دێنن، کە فشارم بۆ هات دەردەپەڕم من بێ ئازادی ناتوانم بژیم، بێنانیش. نان لە دەستی نامەرددا بێت نایخۆم.

**لڤین: تۆ لەو باوەڕەدا نیت ئەو دکتۆرایەی هەتە نانێک پەیدابکات بۆت لە کوردستان؟**

پەشێو: باوەڕ ناکەم، چونکە تەنانەت نانیش حیزب دەیدات .

**لڤین: لەو پرسیارانە کەمێک دوور دەکەوینەوەو دەگەڕێینەوە بۆ نێو ژیانی تایبەتی پەشێو، پرسیار لەسەر کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی هەولێر دەکەین لەسەر کەسێتی پەشێو، ئایا ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییەی هەولێر کاریکی نەکردووە پەشێو کەسێکی شەرمن بێت؟**

پەشێو: ئەو قسەیە ڕاستە، بەڵام خۆشم نازانم گەورەیی مرۆڤە لەلام یان شەرمە. هەندێکجار هەندێک شت دەکەم کە باوەڕم پێی نیە یا پێمناخۆشە و دەشیکەم ! بۆ نموونە ڕۆژ نییە سەدان وێنە نەگرم لەگەڵ ئەوانەدا کە دەیانەوێت وێنەم لەگەڵ بگرن، ڕقی ئەستوورم لە وێنەگرتنە، کەچی دڵم نایێ بەو ئازیزانە بڵێم حەز لە وێنەگرتن ناکەم. دەترسم بە هەڵە تێمبگەن .

**لڤین: ئەگەر لەباری خێزانییەت پرسیار بکەین، دەتوانن کەمێک لەبارەی خێزانەکەتانەوە بۆمان بدوێن؟**

پەشێو: خێزانەکەم ڕووسە، دوو منداڵم هەن بە ناوی « ئاڤێستا و یارە ». پەیوەندییەکی زۆر توندوتۆڵم لەگەڵیان هەیە. ئەشێت لە زۆر شت بەدبەخت بووبم ، بەڵام لە مەسەلەی خێزانداریدا بەختێکی باشم هەبووە.

**لڤین: ببوورە ئەگەر ئەم پرسیارەمان زۆر شەخسی بێت، شیعری ‹ لەدەستمدێت › حاڵەتێکی دەروونی چۆن لای پەشێو دروستدەکات؟ ئەوەندەی ئێمە بیستوومانە ئەو شیعرە بۆ یەکێک لە هاوپۆلەکانی خۆتت وتووە لە کۆلێژ؟**


پەشێو: ئەوە یەکێکە لەو ئەفسانانەی کە ناتوانم لە مێشکی خەڵکی بسڕمەوە . جگە لەمەش ، گرنگ ئەوەیە خۆشەویستییم لەگەڵ کەسێکدا هەبوو، گرنگ نییە ئەو کەسە کێ بووە ...

**لڤین: لەلای عەبدوڵا پەشێو دوو جۆر ژن دەبینرێت ژنێک کە خۆشەویستی پێدەبەخشێت، ژنێکیش کە ئازاریدەدات، ئەم حاڵەتە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

پەشێو: لە شیعرە کۆنەکاندا ، لەوانەی شەستەکان و تا سەرەتای حەفتاکان هەست بە جۆرە ئازارێک دەکرێ. بەڵام دواتر، قەت گلەییم لە ئافرەت نەکردووە. ئافرەت هەر شادی و خۆشەویستیی پێبەخشیوم. لە تافی لاویمدا، پێش چوونە دەرەوە، ڕاستە تا سەر ئێسقان عاشق بووم، بەڵام ئافرەتم بە قووڵی نەدەناسی. لە دەرەوە نزیکترین هاوڕێم ئافرەت بوون. لە ئافرەتدا بەختم خراپ نەبووە، هەتا لە لاوێتیمدا، لەم هەولێرە، سەرەڕای کۆتوبەندی دابونەریت بەڵام قەت بێ خۆشەویستی نەدەژیام، بەس کەسێکی حەساس بووم. بچووکترین گۆڕان، یان جیابوونەوە، لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، ئیتر ئەوە شتێکی گەورە بووە لای من. لەوانەیە مەسەلە جینایەتیەکەی تێدا بووبێت، یا نەفسبەرزییەکی شاعیرانەی زێتر لە پێویست.

**لڤین: تۆ لە شیعرێکدا وەسفی چاوی ڕەشی کچی کورد دەکەیت کە لە سەوزترین چاو و شینترین چاوی کچی ئەورووپییدا چاوی ڕەشی کچی کورد دەبینی، کەچی لە ژیانی خۆتدا ئەمەت پەیڕەو نەکرد، بۆچی سیحری کچە چاو ڕەشەکانی کورد ڕایاننەکێشایت؟**

پەشێو: حەسرەتی ئافرەتی کورد بابەتێکی تایبەتە. کە گوتوومە لەسەوزترین و شینترین چاوی کچانی ئەورووپاییدا، تۆزێک ڕەشیی چاوی کچی کورد دەبینم ڕاستگۆم. ئافرەتی کورد


لەپێش هەموو کوڕێك نوێژدەکەم ، بەلام بە کوردی

شایانی ئەوەیە . لە سالانی خوێندنی مندا، کچی کورد، بەتایبەتیش لە ڕووسیا زۆر کەم بوون .

**ڤین: خێزانەکەت خوێندنەوەی بۆ مێردێکی شاعیری چۆن بوو؟**

پەشێو: ئەو ئاگای لە هیچ نەبوو تا دوای هاتنەوەمان لە سالی ١٩٩٤ کە قەرەباڵغی دەوروبەرمی بینی و ئەو کوڕەی کە کردمان لەسەر براکوژی لەگەڵم هات بۆ هۆڵەکەو ئەو قەرەباڵغییەی بینی، کە گەڕامەوە هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵم گۆڕا، پێشتریش دەیزانی شاعیرم، بەلام لەبەرئەوەی کەم باسی لایەنی شعری خۆمم دەکرد بەوشێوەیە نەیدەناسیم. کە لە کوردستان گەڕامەوە، پەیوەندی لەگەڵما گۆڕا. زانیی تەنیا مولکی ئەو نیم. ئازادییەکی ڕەهای پێبەخشیوم. بەلام جۆرئەتم نییە هەموو شتێکی بۆ بخوێنمەوە. هەر ئەوانەی بۆ دەخوێنمەوە کە باسی ژن ناکەن «بە پێکەنینەوە» بە پێچەوانەی زۆر لە هاوقەڵەمەکانم لە ژیانی خێزانیمدا بەختەوەر بووم. ئەگەر «ئۆلگا» نەبایە ، ژیانم زۆر ئەستەمتر دەبوو.

**ڤین: لە شیعرەکانی پەشێودا گەڕانەوە بۆ منداڵی زۆر دەبینرێت، منداڵی چ یادگارییەکی لای پەشێو بەجێهێشتووە؟ وا بەو شێوەیە پێیکاریگەری؟**

پەشێو: منداڵییەکی زۆر دژوارم هەبووە، هەندێك شت کە سالانێکی زۆر ڕادەبورن بەسەریاندا جوانتر دەبن، هەمیشە ڕابردوو جوانترە لە ئێستا، ڕووسەکان دەڵێن « ئەو شوێنە خۆشە کە ئێمە لێنیین، ئەو ڕۆگارە خۆشە کە ئێمەی تیا ناین » هەمیشە وا یە.

**ڤین: لە کەسێتی پەشێودا دوو جۆرە کەسێتی جیاواز دەبینرێت، هەندێك کات پەشێو شاعیرێکی تورەیە کە دەمارەکانی گرژدەبن، هەندێ کاتیش دەبێتە کەسێکی عاشق و نەرمونیان، تورەیی و عەشق لەیەککاتدا چۆن لە کەسێتی عەبدولا پەشێودا جێگایان دەبێتەوە؟**

پەشێو: ڕەنگە شێوازی قسەکردنم وایکردبێت خەڵك وا بزانێت تورەم! لە حەقیقەتدا مێروولەیەك ئازارنادەم. بەلام کە زوڵم و ستەم دەبینم خۆمم پێناگیرێت. کە لێرەوە تا شەقلاوە دەچم دەبینم ڕاستوچەپ دابەشکراوە، ئەوە مەزرەعەی فلان کەسە ، ئەوە هی قوزەڵقورتە، ئەوە هی سندانە، کە ئەو شتانە دەبینم ناتوانم لێیان بێدەنگبم. لەم ڕۆژانە، بەم سەرمایە، سەردانی کەمپی برایانی ڕۆژهەلاتی کوردستانم کرد کە دیتم لەناو ئەو قوڕو سەرمایە منداڵان بە کراسی دڕاو و بە پێی پەتی دەگەڕان گریام، ئەمە لە کاتێکدا، ملیۆنان دۆلار لە بەرتیلداندا سەرفدەکرێت، لە فیستیڤاڵ و قونبادان سەرفدەکرێ، دەدزرێ، دەبڕدرێ، دەرخواردی ڕۆشنبیرانی بەدناو دەدرێت. چۆن تورە نابم؟!

**ڤین: ئەگەر لە شەخسیترین شت بپرسین کە ڕەنگە پرسیار لێی لە بنەڕەتدا بۆ خۆی هەڵە بێت، بەلام حەزدەکەین ئەو پرسیارە بکەین کە پەشێو پەیوەندی لەگەڵ ئایندا چۆنە؟**

پەشێو: من کەسێکی مولتەزیم نیم بە دینەوە بەلام حەرام و حەڵاڵ لێکجیادەکەمەوە، پێش هەموو کوڕێك من نوێژ دەکەم ، بە کوردی نوێژ دەکەم ، ئەویش بە کوردی، بڕوام بە خالیق هەیە ، کە لە ئاستی ئەو هەموو گەردوونانەدایە. دەزانم هیچ شتێك لەم گەردوونەدا بە ڕێکەوت نییە. بەهایەکی زۆر گەورە هەیە کە لە عەقڵی ئێمە گەورەترە. کە گوڵێك دەبینم لەپاش بەفر دەردەچێت بە دیاریەوە دادەنیشم، بیر لەو خالیقە دەکەمەوە کە هەموو شتێکی موعجیزەیە .